# ئافرەتان لە بواری ئەمنی و

**بەمەبەستی ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و یەکسانی و تەبایی و دادپەروەری، لەژێر دروشمی (پۆلیس لەخزمەتی گەل و نیشتمان و یاسادایە) کۆلیژی پۆلیس ١٣٣ ئەفسەری ئافرەتی بەتوانای ڕاهێنراو بە گەل و نیشتمان دەبەخشێت، بەشداریی ئەفسەرانی ئافرەت لەبواری دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا و بەتایبەتی لەڕیزی پۆلیس کە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی پێوە بەندە، لە سیمای حکومەتدا گۆڕانێکی نەوعییە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئافرەتانی ئەو بوارە کێشەو ئاریشەی تایبەت بە خۆیان هەیە.**

### ئەفسەری کچ هەیە زۆر لە ئەفسەرە کوڕەکان زیرەکترەو بەقەد سێ پیاو کاردەکات

عەمیدی مافپەروەر دڵشـــاد شێخ سەعید راگری کۆلیژی پۆلیس، ئامـــاژە بەوە دەکات کە کۆلیژی پۆلیس ســـاڵی ١٩٩٧ لـــە هەولێر دامەزراوەو ســـاڵی ٢٠٠١ بۆ یەکەمجار شـــەش خوێندکاری کچ لـــە پرۆســـەی خوێندنی کۆلیژ بەشـــدار بوون، ســـاڵی ٢٠٠٢ ژمارەیان بوو بە هەشت کچ، ٢٠٠٣ دە کچ بەشـــدار بوون، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥یش ٢١ کچ، ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨یـــش ٢٥ کچ، ٢٠٠٩یش ١٧ کچ بەشـــدار بوون، گوتیشـــی «تاوەکو ئێستا ١٣٣ ئەفسەری ئافرەتمان پێگەیاندووە و ئێســـتاش ٢٢ خوێنـــدکاری کچ لە کۆلیژی پۆلیس دەخوێنن».

راگری کۆلیژی پۆلیس ئەوەشی خستەڕوو کە ئافرەتان لەم بوارەدا ســـەرکەوتنێکی پێوانەییان تۆمارکردووە و ئەگەری ئـــەوەش زۆرە کە لە داهاتوودا کچان زیاتر ڕوو لە ســـلکی پۆلیس بکەن، پێشـــیوایە کە توانای کچـــان لە تواناکانی کوڕان کەمتر نییە، گوتیشی: «ئەفسەری کچ هەیە زۆر لە ئەفسەرە کوڕەکان زیرەکترە و بەقەد سێ پیاو کاردەکات».

### ئافرەتانی پۆلیس ڕووبەڕووی تانەلێدان دەبنەوە

ملازمی یەك فلامینیا وەحیـــد فەخری لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی شەقڵاوەیە، نایشارێتەوە کە لەبواری کارکردنیدا ڕووبەڕووی گرفت و تانەلێدان بۆتەوە، گوتیشی «سەرەتای دەســـت بەکاربوونم، تێڕوانینی کۆمەڵگـــە زۆرخراپ بوو، ئەوەش گرفتی زۆری بۆ پەیدادەکرین، تەنانەت عەقڵییەتی کۆمەڵگـــە ئەوەی قبـــووڵ نەبوو کە ئافرەتێـــك لەم بوارە کاربکات، زۆرجار بەمنیان دەگوت ئەوە ئیشـــی دیکە نەبوو بیکەی، یان باشـــتر نەبوو لە بواری مەدەنی دەوام بکەی، بەڵام ئێســـتا تا ئاستێکی باش گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی تاکەکان بەرجەســـتەبووە و زۆرکەم ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبمەوە کە لە رابردوودا ڕووبەڕووم دەبووەوە».

نەقیب ژیان تەلعەت ســـلێمان لە بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی پاسپۆرتی هەولێر، دەڵێت: «ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە کە خەڵکی بە چاوی خـــراپ لەئافرەتانی پۆلیس بڕوانێت». ڕاشیگەیاند لە ئێستادا کارکردن لە سلکی پۆلیس وەك هەر بوارێکی دیکەی کایەکانی تری کۆمەڵگە وەکو مامۆســـتا و ئەندازیار و فەرمانبەرانی دیکە بەلای خەڵکەوە ئاســـایی بۆتەوە، پێچەوانەی رابردوو کە کارکردن لەم بوارە بە شیاوی ئافرەتان نەدەزاندرا.

### پێشتر پۆلیسی پیاویش ئەوەی پێ قبووڵ نەدەکرا ئافرەت نەجمەی لەسەر شان بێت

سەبارەت بەخودی ئەو گرفتانەی هاتوونەتە رێگەی، نەقیب ژیان گوتی: «من بەشبەحاڵی خۆم کە هاتمە ناو ئەو بوارە کەســـانێك هەبوون لە دەوروبەرم پێیان خۆش نەبوو لەم بوارە کاربکەم، تەنانەت دەیانگوت چۆن دەبێ ئافرەت پۆلیس بێت، نابێ بەشـــەو دەربچێت، نابێ بڕواتە دەرەوەی شار و...تاد، جگـــە لەوەش لەناو فەرمانگەکانی پۆلیس، پۆلیســـی پیاو ئەوەی پێ قبووڵ نەدەکرا ئافرەت نەجمەی لەسەر شان بێت، تەنانەت من پۆلیسی خۆم دەهاتە ژوورەوە تەحیەی نەدەکرد، منیـــش پێیانمدەگوت: ئێوە کە تەحیە دەکەن، بۆ منی ناکەن وەکو ئافرەتێك، بەڵکو بۆ نەجمەکەی سەرشانمی دەکەن، ئەو نەجمەیە لەســـەر شانی پیاو بێت، یان ئافرەت هیچ جیاوازی نییـــە و نابێتە هۆی مانع بوونی تەحیە، تەنانەت ئافرەتانی پۆلیس ئەوکات لەسەر ئەو بابەتە چوونە لای وەزیر و گلەییان کرد، ئینجا وردە وردە بەلایانەوە ئاسایی بوو».






# سەربازی ڕۆڵی گرینگ دەبینن

**ئەگەر پیاوێك هۆشیار بوو، مرۆڤێك هۆشیار دەبێ، ئەگەر ئافرەتێك هۆشیار بوو میللەتێك هۆشیار دەبێ**

لەلای خۆیەوە قادر قاچاخ بەرپرسی ئەكادیمیای پارتی، ئافرەت و پیاو بەتەواوكەری یەكتر دەزانێت و لەو ڕووەوە ئاماژەی بە وتەی زانایەك كرد كە دەڵێت: ئەگەر پیاوێك هۆشیار بوو، مرۆڤێك هۆشیار دەبێ، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك هۆشیار بوو میللەتێك هۆشیار دەبێ، یان دەڵێت: داهێنەرانی بەناوبانگ ئافرەت نەبووین، بەڵام ئافرەت بە پەروەردە و فێركردن گەورەترین داهێنانی كردووە. قادر قاچاخ گوتیشی «پێموایە ئەوەی پیاو دەیكات، ئافرەت باشتر و دڵسۆزانەتر ئەنجامی دەدات، بەداخەوە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا خانوو، ئۆتۆمبێل و ستایلی جلوبەرگ گۆڕاوە، بەڵام هزر و هۆشمان نەگۆڕاوە، لەكاتێكدا جلی كۆن شوورەیی نییە، بەڵام هزری كۆن عەیبە، بەردەوام شەرم و ترس دوو هەڕەشە و دوو كۆسپی گەورە بوون، كە عەشیرەتگەری و دیدی بەرتەسكی ئایینی سەرچاوەی ئەوەن كە ئافرەت نەتوانێ ڕۆڵی كارای لە كاروباری ڕۆژانەدا هەبێت، سەردەم سەردەمی ئینتەرنێت و جیهانگەراییە و لەبنیادتنانی كۆمەڵگە نێر و مێ تەواوكەری یەكترن، خزمەتی پۆلیسیش ئەركێكی پیرۆزە جگە لەوەی كە سیستەمی دیموكراتی هەمیشە دەسەڵات دەخاتە دەست پۆلیس و ئەم ئەركە پیرۆزەش شایانی ئافرەتی دڵسۆز و بەهەڵوێستە، جێگەی سەرفرازییە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەرفەتی بە ئافرەت داوە لەم بوارە هەستیار و پیرۆزە شوێن پەنجەی دیاربێت و خزمەت بكات، دیسان مایەی خۆشحاڵییە كە كەسوكاری ئەو ئافرەتانەش ڕێگری ناكەن و هاوكارن، چونكە یەكێك لە پێوەرەكانی دەسەڵاتی دیموكراتی و پێشكەوتوویی هەبوونی ئەفسەر و پۆلیسی ئافرەتە.

**دابونەریت و ناتێگەیشتویی تاك گرێ و كۆسپی خستۆتە نێو ئەو پڕۆسەیەك نەك ئایین**

هەر سەبارەت بەو پرسە سەلام كەریم ڕاوێژكار لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی، جەخت لەوە دەكاتەوە كە تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئافرەت زۆر گەورە و پڕ بایەخ بووە، پێشیوایە كە دابونەریت و نەفامی و ناتێگەیشتوویی تاك گرێ و كۆسپی خستۆتە نێو ئەو پڕۆسەیە، نەك ئایین. گوتیشی» خزمەتی خاك و وڵات فەرزە لەسەر گشتمان چ كچ بیت یا كوڕ، ئەو ئافرەتانەی بەجلی سەربازییەوە خزمەت دەكەن دایەنی میللەتن. لەسەردەمی خەلافەتدا پیاو و ژن پێكەوە دەستنوێژیان گرتووە. حەزرەتی عائیشە لە جەنگی (جمل) بەربوویەوە بە یاوەری ٥٠ پاسەوان بۆ مەدینە نێردرایەوە، پاش گەڕانەوەی حەرزەتی عائیشە، سەیری كرد گشتیان كچن كە ئیمامی عەلی وەك یاوەر لەگەڵی ناردوون، پێغەمبەر (د.خ) لە سوڵحی حودەیبیە پرس و ڕای بە ئوم سەلەمە كرد و پەیڕەوی ڕاكەی كرد، بۆ شكاندنی ئیحرام نەچوون بۆ شاری مەككە». ئەو ڕاوێژكارە ئایینییە هێمای بۆ ئەوەش كرد كە. «یەكەم كەس كە موسڵمان بووە، ئافرەت بوو كە خدیجەی خێزانی پێغەمبەر بووە. یەكەم شەهید لە مێژووی ئیسلام ئافرەت بوو بە ناوی (سومەییە). گوتیشی «ئەوڕۆ مەكری تیرۆر و تیرۆریستان بووەتە قەیرانێك و دەبی گەلان و میللەتان دەست لەناو دەستی یەكتر پێكەوە بۆ بنبڕكردنی ئەو قەیرانە هاوكاری یەكتر بن، ئیمەی كوردیش وەك خێزانێك بڕوانینە ئەو قەیرانەو كچانمان و خوشكانمان ئەوانەی لەو بوارە كاردەكەن و پاش ئەوەی ڕاهێنان و قۆناغەكانی تەواو دەكەن، دەبی بەچاوی ڕێز و سوپاسەوە سەیریان بكەین كە ئەم ئەركە قورسە دەخەنە ئەستۆی خۆیان بۆ خزمەتی خاك و نیشتمان».



ڕاگری كۆلیژی پۆلیس لە هەولێر:

**١٣٣ ئەفسەری ئافرەتمان پێگەیاندووە و ئێستاش ٢٢ خوێندكاری كچ لە كۆلیژی پۆلیس دەخوێنن**



ئەفسەرێكی ئافرەت:

**سەرەتای دەست بەكاربوونم، تێڕوانینی كۆمەڵگە زۆرخراپ بوو بۆ ئەفسەرانی ئافرەت**

# لە کۆمەڵگە نەریتییەکان جیاوازی ڕەگەزی لەناو لانکەوە دەست پێدەکات

**جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان کچ و کوڕ لەلایەن خێزانەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، ئەو دیاردەیەش زیاتر لە کۆمەڵگەی نەریتی و نێرسالاری بە زەقی دیارەو تەنانەت لە کاتی دووگیانی دایکان دەست پێدەکات و هەر لەناو لانکەشەوە پەرەدەستێنێ. کۆمەڵناسان و دەروونناسانیش ئەو جیاکارییە بە هۆکاری زۆربەی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەزانن.**



### هەندێك ماڵی خەزووران بەهۆی خواستی منداڵی نێر فشار دروست دەکەن

«کــچ و کوڕێکم هەبوو، خۆم و هاوســەرەکەم قەناعەتمان بەم دوو منداڵــە هەبوو، بۆیە ڕێگریم لــە منداڵبوون دەکرد، بەڵام خەزوورم بەرۆکی بەرنەداین، هەمیشــە دەیگــوت کوڕەکەمان تاقانەیە، باپشــت و پەنای زۆر بێت، با کوڕێکی ترمان ببێت، لەسەر قســەی خەزوورم ڕێگریم نەکرد و کوڕێکمان بوو، بەڵام مەنگۆل بوو، ئەوکات سۆنار وەك ئێستا لە کەرکووك زۆر نەبوو، لەبیرمە کە بۆ نەخۆشخانە ڕۆیشتین، خەزوورم بە هاوسەرەکەمی گوت: ئەگەر کوڕمان بوو، نیوە شەویش بوو ئاگادارم بکەنەوە، کە هاتینەوە هاوســەرەکەم چووە سەر سەری خەزوورم و بانگی کرد، یەکســەر خــەزوورم گوتــی: چییە کوڕمــان بووە؟». ئەوە قســەی نەجیبە عەباس بوو. ئەو دایکی ســێ منداڵە و دانیشــتووی شاری کەرکووکە، کە بۆ سەردانێك کەسوکاری بۆ هەولێــر هاتبوو. نەجیبە وەك دایکێك نیگەرانی خۆی لەو جۆرە جیاوازیییانــە دەردەبڕێت و دەڵێت «لەبەر قســەیەکی خەزوورم ئەوە یازدە ســاڵە ئــەو کوڕە بەخێو دەکــەم، یازدەهەزار کون لە جەرگم هاتووە، تەنانەت بەهۆی ئەم کوڕەمەوە دەســتبەرداری وەزیفەکەشم بووم».

### قسەو تانەی زۆر لەسەر دایکانی بێ کوڕ هەیە

ژوان قــادر چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و نەهێشــتنی جیاوازی ڕەگــەزی، خۆی قوربانییەکــی دیکەی جیاکاری ڕەگەزییە، ئەو دایکی چوار کچی جوانکیلەیە و بەمجۆرە مەینەتییەکانــی خــۆی دەگێڕێتــەوە «نۆبەرەم کچ بوو، ماڵی خەزوورم نە دڵخۆش و نەخەمبار بوون، کاتــێ دووەم کچــم بــوو، خەســووم بە هاوسەرکەمی گوت: ئینشــائەڵڵا ئەوجارە خوا بەشێکی باشتان دەداتێ، منیش زۆر ســکم بەخۆم و بە کچەکەشم ســووتا، قەدەر وابوو منداڵــی سێیەمیشــم کچ بوو، دواجار ســەردانی پزیشــکێکی تایبەتــم کــردو خشــتە ماوەی سکپڕی بۆدانام و وتی: «ئەمجارە کوڕت دەبێ، بەڵام ئەمجارەش کچم بوو، بە لەدایکبوونی کچەکەم پرسە لە ماڵی خــەزوورم دانرا، بێئەوەی بایەخ بەخۆم و بــە کۆرپەکەم بدەن، یان خواردنێکــی گەرمم پێ بدەن، مانگێك تێپەڕی کچەکەم هەر بێ ناو بوو، دواجار خەســووم ناوی نا نیهایــەت بۆئەوەی نیهایەتی کچان بێت».

### زۆربەی خێزانەکان بە لەدایکبوونی کچ خەمبار دەبن

نیگار جەزا ئەندازیاری کشــتوکاڵەو هاوکات چالاکوانێکــی بواری مافی ئافرەتانە، ئەو ڕایوایە «لە

کومەڵگەی پیاوسالاری هەمیشە کچ بەکەم سەیر کراوە و کچ بەشەرەفی خێزان زانراوە، کوڕ هەرچی بکات بۆی ئاساییە بەڵام کچ نا، بۆ نموونە کچێك خۆشەویستی بکات، دەکوژرێت، بەڵام کوڕ ئەگەر ڕۆژێ یاری بە هەستی دەیان کچ بکات، جێی شانازییە، هەر پیاون، کچ و خوشکیان بە شەرەفی خۆیان دەزانن و ڕۆژانەش یاری بە هەستی کچی خەڵك دەکەن»، گوتیشی «هەندێك لەو پیاوانەی ڕۆشنبیرن و قسەی زل زل لەسەر مافی ئافرەت دەکەن، زۆر لەکەسانی ئاسایی خراپترن، ئافرەت لەم کۆمەڵگەیەدا ستەم لێکراوە و وەك کاڵای لێهاتووە، پیاو هەتا بە زمانی لووس دەستگیری دەکات و دواتر سووکایەتی پێدەکات، زۆربەی خێزانەکانیش بە لەدایکبوونی کچ خەمبار دەبن، بەتایبەتی پیاوەکانیان».

**هەر لەمنداڵییەوە کەسایەتی کچ تێکدەشکێنن**

فەرهاد عوسمان بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری منداڵپارێزی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «جیاوازیکردن لەنێوان هەردوو ڕەگەز مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، تەنانەت لەسەردەمی جاهیلیدا کچ بوون عەیب و شوورەیی بوو، هەرلەوێوە ڕەگی داکوتاوە و کاریگەری لەسەر ژیانی ئەمڕۆشمان ماوە و وایکرد لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵان بنەمایەکی سەرەکی بۆ نەمانی جیاکاری ڕەگەزی دابندرێ، هەر دیاردەیەکی قێزەوەن و بەتایبەتی جیاوازیکردنی ڕەگەزی کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆی لەسەر ئەو کەسە دادەنێ، کاتێ کچ هەستدەکات لە کاتی لەدایکبوونیدا کەسێکی خوازراو نەبووە، هەر لەمنداڵییەوە کەسایەتی تێکدەشکێت، ئەگەر بەشێوە گشتییەکەی سەیر بکەین، دەبینین تائێستاش منداڵی کوڕ لە منداڵی کچ خوازراوترە، ئەوەش کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر دەروونی کچەکە دادەنێ».

**کاتێك کۆمەڵگە ئافرەت وەکو دیل ببینێ، دیارە بە لەدایکبوونی کچ نەك هەر باوك تەنانەت دایکیش خەمبار دەبێت**

ڤیان مایی سینەماکار و چالاکوانی مەدەنی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «کاتێك کۆمەڵگە ئافرەتی وەکو دیل ببینێ، دیارە بە لەدایکبوونی کچ نەك هەر باوك تەنانەت دایکیش خەمبار دەبێت، چونکە حەز ناکات مرۆڤێکی وەکو خۆی دیل بێنێتە دنیا و بەم ژیانە سەختە تێپەڕبێت، بەڵام ئەمڕۆکە پێچەوانە بۆتەوە دایکانی گەنج حەز دەکەن نۆبەرەیان کچ بێت تاوەکو ببێتە هاوڕێی، تەنانەت لەبواری خوێندنیشدا کچان وەکو کوڕ هەوڵ دەدەن و خاوەن ئابووری سەربەخۆن، لە ڕابردوودا کە باوکان حەزیان دەکرد منداڵەکانیان کوڕ بێت، بۆ ئەوەیان بوو کە کاری ڕۆژانە هاوکاریان بکات، ئێستاش کچان ئەو بەربەستەیان شکاندووە و شانبەشانی کوڕ لە ئابووری و داهاتی وڵات بەشدارن، لەبەر ئەوە کاتی ئەوە نەماوە خەم بۆ لەدایکبوونی کچ بخۆین ئەگەر ئەوە بکەین زوڵم لە کچان دەکەین.

**لەڕووی ئایینییەوە جیاوازی ڕەگەزی گوناهەو سزای هەیە**

مەلا زانا گردەسۆری جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیسلام هیچ جیاوازییەك لەنێوان کوڕ و کچ ناکات، گوتیشی «کاتێك خودا دەفەرموێت: (یهب لمن یشاء اناثا ویهب لمن یشاء الذکور) لەم ئایەتەدا کوڕ و کچ بە خەڵات و بەخشش ناودەبات بەبێ جیاوازی، هەروەها دەفەرموێت (یاایها الناس اتقوا ربکم الذي خلقکم من نفس واحدة)، هەر دایك و باوکێك جیاوازی لەنێوان منداڵەکانیان بکەن تووشی سزای خوای گەورە دەبنەوە، چونکە خوا و پێغەمبەر جیاوازییان نەکردووە».

ئەوەش دەخاتەڕوو کە لە عیبادەتکردن و سزا و پاداشتیش بەرامبەرن و جیاوازییان نییە، سەبارەت بە حەقیقەش کە دوو ئاژەڵ بۆ کوڕ و یەك ئاژەڵ بۆ کچ سەردەبڕن، مەلا زانا گوتی: «هۆکارەکەی ئەوەیە لەسەردەمی خۆیدا بەهۆی جیهاد و شەڕ و ناخۆشی کوڕ زیاتر ڕووبەڕووی کێشە و ناخۆشی بووە».

لەلای خۆیەوە دەروونناس سامان سیوەیلی سەبارەت بەو جیاکارییە بۆ گوڵان گوتی «بێگومان لە کۆمەڵگە نێرسالارەکاندا هەمیشە خواست لەسەر لەدایکبوونی کوڕ زیاترە، ئەم جیاوازی کردنەش نەك هەر لەیەکەم ساتەوەختی لەدایکبوونی منداڵەوە بەدەردەکەوێت، بەڵکو لەو ساتەوەختەی کۆرپەلەکە لەسکی دایکیایەتی، ئیدی لەو ساتەوە زانینی ڕەگەزی کۆرپەلەکە لای بەشێکی زۆر لە خێزانەکان دەبێتە خولیایەکی گەورە، ئەمەش لەو بۆچوون و بیروباوەڕە کۆنەپەرستانەیەوە سەرچاوەدەگرێت کە کوڕ یاخود ڕەگەزی نێر چاکتر و باشتر و پشتیوانتر و بەریگریکارتر و بێ کێشەترە بۆ خێزان، هەربۆیە پزیشکەکانی سۆنار جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆرێك لەو ئافرەتانەی سەردانیان دەکەن لەقۆناغی دووگیانبوونیاندا بە مەبەستی زانینی ڕەگەزی کۆرپەلەکە کاتێك بۆیان دەردەکەوێت ڕەگەزی کۆرپەلەکە مێینەیە، ئەوا هەندێکیان دووچاری شۆك دەبن، بێگومان ئەمەش لەئەنجامی ئەو فشارە دەروونییەوە دروست دەبێت کەلەسەر خودی ئافرەتان دروست دەبێت لەلایەن هاوسەرە پیاوەکانیان و ماڵە خەزورانیانەوە، تەنانەت بیستراوە کە ئافرەت لای پزیشکی سۆنار ڕایگەیاندووە کە هەڕەشەی لێکراوە، ئەگەر ئەم دووگیانبوونەشی هەر کچ بێت، ئەوا هاوسەرەکەی لێی جیادەبێتەوە یاخود ژنی بەسەردا دەهێنێت».

**جیاکاری ڕەگەزی نەخۆشی دەروونی لێدەکەوێتەوە**

سیوەیلی گوتیشی «کەلتوری نێرسالاری کۆمەڵگە بەوەشەوە ناوەستێت، ئەگەر کۆرپەلە لەدایکبووەکە نێر بێت، ئەوا بە ڕووداوێکی مژدەهێن دادەنرێت و خێزان خۆشحاڵییەکی زۆری تێدەکەوێت، تەنانەت بۆ ئەم بۆنەیە ئاژەڵ سەردەبڕن و خوانی گەورە دەڕازێننەوە، بەڵام کاتێك کۆرپەلەکە کچ دەبێت، گرنگییەکی ئەوتۆ بەم ڕووداوە نادرێت، تەنانەت هەندێکجار بینراوە کە خزمان و کەسوکار هاوشێوەی پرسە و ماتەم قسە لەگەڵ دایکەکەدا کراوە و دڵخۆشی دراوەتەوە، وەك ئەوەی ڕووداوێکی ناخۆشیان بەسەرهاتبێت، هەر لەم ساتەوەختەوە مامەڵەی خێزان لەگەڵ ئەو کۆرپەلەیە جیاواز دەبێت لەچاو ئەوەی ئەگەر کۆرپەلەکە کوڕ بێت، کاتێکیش کچەکە وردە وردە گەشە دەکات تا ئەوەندەی لە ئاماژەکانی دەوروبەر تێدەگات زۆر بەسانایی بۆی دەردەکەوێت کە وەکو بوونەوەرێکی نەخواستراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەبەراورد بە مامەڵەی خێزانەکەی لەگەڵ براکانی. لەڕاستیدا ئەمجۆرە جیاوازی کردنە خۆی لەخۆیدا بە توندوتیژی هەژمار دەکرێت لەڕووی دەروونییەوە. مامەڵەکردنی کۆمەڵگە لە سۆنگەی ئەو کەلتورە نێرسالارانەوەیە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە بەیەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە ئافرەتانی کۆمەڵگەی ئێمەی پێ دووچاری نەخۆشی و پشێویە دەروونییەکان دەبێت.

مامۆستایەکی ئایینی:

**خوا و پێغەمبەر جیاوازییان نەکردووەو هەر دایک و باوکێکیش جیاوازی لەنێوان منداڵەکانیان بکەن تووشی سزای خوای گەورە دەبنەوە**

دایکێک:

**کاتێک سێیەم کچم لەدایکبوو ماڵی خەزوورم پرسەیان دەگێڕا**

دەروونناسێک:

**مامەڵەکردنی کۆمەڵگە لە سۆنگەی کەلتووری نێرسالاری بەرامبەر ڕەگەزی مێینە بەیەکێک لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە ئافرەتان دووچاری نەخۆشی و پشێوییە دەروونییەکان دەکات**

# چ ئاوڕێک لە منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم دراوەتەوە؟

ئۆتیزم، یان شەبەنگی ئۆتیزم، شڵەژانی ئەقڵی و دەروونی، یان تێکچوونی کار و چالاکی مێشکەو کاردەکاتە سەر گوفتار و ڕەفتاری منداڵ و توانای خۆبەڕێوەبردنی نابێت. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕۆژی ٤/٢ی بە ڕۆژی جیهانی وشیاری ئۆتیزم دەستنیشانکرد. نزیک بە ٧٠٠ منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستانن کە خۆیان و خانەوادەکانیان گرفت و ئاریشەی زۆریان هەیە، ئایا حکومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ئاوڕێکیان لەو منداڵانە داوەتەوە؟ لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە راوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

### ئۆتیزم (Autism) چییە؟


پێش ئەوەی کێشـــەو ئاریشەی خێزانی منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم لەسەر زاری خۆیان ببیسین، پێویستە پێناسەیەکی کورتی ئەو نەخۆشییە بخەینەڕوو. ئۆتیزم (Autism) یان شەبەنگی ئۆتیزم، شڵەژانی ئەقڵی و دەروونی، یان تێکچوونی کارو چالاکی مێشـــکە، کار دەکاتە ســـەر گوفتار و رەفتاری منداڵ و توانای خۆبەڕێوەبردنـــی نابێت، هەروەها ناتوانێ پەیوەندی زارەکی و نازارەکی ببەســـتێت و کارلێکی کۆمەڵایەتی بـــکات، گرفتـــی ئاخاوتنیان هەیە، زیاتر لە تەمەنی ١٨ مانگی تا ٣٦ مانگی بەدیار دەکەوێت. لەڕووی زمانەوانییەوە ئۆتیزم واتە «خودتەنهایی» یاخود «گۆشـــەگیری» یان « لەخۆڕامان»، نەو منداڵانەی تووشـــی ئەو نەخۆشییە دەبن کە بە (ئۆتســـتیك) ناویان دەبەن، هەمیشە گۆشەگیر و خودتەنیان و تێکەڵ نابن.

بۆ یەکەمجار لە ســـاڵی ١٩١١ لەلایەن پزیشـــکێکی فەڕەنســـی بە ناوی (Jean-Marc Gaspard) بەشێوەیەکی سەرەتایی باســـی لێوەکراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن پزیشکێکی دەروونی ئەمریکییەوە، بەناوی (لیۆ کانەر) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم حاڵەتەی دۆزیوەتەوەو ناوی (Autism)ی لێناوە.

### هەرێمی کوردستان نزیك بە ٧٠٠ ئۆتستیکی هەیە

منداڵی تووشـــبوو بە ئۆتیزم (ئۆتستیك) پێویستیان بە خزمەت و ئاوڕلێدانەوەی زیاتری خێزان و حکومەت و لایەنـــە پەیوەندیدارەکانـــە، چونکە ئـــەوە (بارەخەم)ێکی گەورەیە و تەنیا بە دایـــك و باوکی ئەو منداڵە چاوگەشـــانە هەڵناگیرێ. ئەو منداڵانە گەرچی لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵەیەکی تایبەتیان هەیە، بە ناوی (کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردســـتان) کە لە ســـاڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١٠ لە سلێمانی و دهۆك لقی کردۆتەوە. ئامانجی کۆمەڵەکە داکۆکیکردنە لە منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم و خێزانەکانیان و دەستەبەرکردنی مافی ژیانی و مرۆیی و فشار خستنە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاوڕدانەوە و خزمەتکردن بەو توێژە. بەڵام وەك خێزانەکانی ئەو منداڵانە باسیدەکەن، هێشتا هەنگاوی جددی بۆ منداڵانی (ئۆتستیك) هەڵنەگیراوە.

لەئێستادا ژمارەی منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان نزیك بە ٧٠٠ ئۆتستیك دەبێت، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەکـــەی لە زیادبووندایەو مانگانـــە لەلایـــەن لێژنەکانی پزیشـــکییەوە بـــۆ دیاریکردنی تووشبووانی ئۆتیزم ژمارەیان زیاد دەکات.



### دایکان بە فرمێســـك قســـە دەکەن

چیمـــەن ســـەلیم دایکـــی منداڵێکی تووشبووی ئۆتیزمە و هەر لە ســـەرەتای قسەکانیدا فرمێســـکە قەتیـــس ماوەکانی نێوچاوی بە سەر گۆنایدا گلار دەبێتەوە و دەڵێـــت «موعاناتی دایکان هـــەر زۆر زۆرە و تەواو نابێ، کچەکەم تەمەنی ١٤ ساڵە، ١٤ ســـاڵە لەماڵەوەم، لە سلێمانی سەنتەرێکی ئۆتیـــزم هەیە، بـــەڵام بەپێی پێداویســـتی ئەو منداڵانە نییە، ماوەی چەند ســـاڵە من لەگەڵی هەوڵدەدەم، فێری بکەم خۆی بشـــوات و خۆی پاك بکاتەوە، بەڵام بێســـوود بووە، تاوەکو ئێستا خۆم پاکی دەکەمـــەوە، ئێمەی دایـــك چوونە دەرەوە و ســـەردان و سەیرانمان قەدەغەیە، ئەگەر شـــوێنێکی زۆر پێویست نەبێ، تەنانەت ناتوانین بۆ ماڵە باوك ماڵە برا و ماڵە خوشك بچین، بەکورتی لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی بێبەشین، لەناو چوا دیـــوار خۆم و ئەو منداڵـــە زیندانین، ئەگەر

دەنگی دەرگاش بێت، ناتوانم بڕۆم بیکەمەوە، تەنانەت فریای ئەوە ناکەوم خزمەتی منداڵەکانی دیکەم بدەم، منداڵەکەم لایەنی هۆشی زۆر لاوازە خۆی لە مەترسی لانادات، هەرچەندە هاوسەرەکەشم یارمەتیدەرمە.

## ڕاگەیاندنەکان کاریان لەسەر کێشەکانی منداڵانی ئۆتیزم نەکردووە

ئەو دایکە لە داهاتووی منداڵەکەی زۆر نیگەرانە و دوای ئەوەی فرمێسکەکانی بە گۆشەی لەچکەکەی دەسڕێتەوە داوادەکات «سەنتەرێکی مۆدێرنی ئۆتیزم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕاهێنانیان پێ بکەن، فێریان بکەن خۆیان خاوێن بکەنەوە و خزمەتی خۆیان بکەن، بۆئەوەی دوای مردنی ئێمە نەکەونە سەرشەقامەکان و کەسانی نەفسنزم تەعدایان لێ نەکەن»، وتیشی «من ئێستا لەکۆمەڵەی ئۆتیزم خۆم کاندید کردووە، هەوڵی ئەوە بدەم شتێك بۆ ئەو منداڵانە بکرێ، بڕوابکەن هەموو دایك و باوکەکان وەکو شێتیان لێهاتووە و تووشی دەیان گرفتی دەروونی بووینە، دایکی وا هەیە خەریکە خۆی ئینتیحار دەکات، دایك و باوکمان هەیە، خەریکە بەهۆی منداڵەکەیانەوە جیادەبنەوە، هەروەها خێزان هەیە دوو سێ منداڵی وای هەیە، دووانی بردۆتە دەرەو و یەکێکی لێرە ماوەتەوە، ئەوەش جۆرێکە لەجیابوونەوە. من فەرمانبەر بووم و بەهۆی کچەکەمەوە وەزیفەم لەدەستدا و ئێستا هاوکارەکانم بەڕێوەبەری گشتین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شوکرانەبژێری خوام، بەڵام ئایا بە ١٥٠ هەزار دینار خەرجی ئەوانە تەواو دەبێ؟ ڕاگەیاندنەکانیش کاریان لەسەر کێشەکانی منداڵانی ئۆتیزم نەکردووە، تاوەکو حکومەت گوێی بکرێتەوە و سەنتەرێکی تایبەتییان بۆ بکاتەوە، خۆ ئەوە پارەی یەك بۆنەی تێناچێ، کە حکومەت لە بۆنە جۆراوجۆرەکان خەرجی دەکات».

## منداڵی ئۆتیزم پێویستە لە تەمەنی سێ ساڵییەوە کاری لەسەر بکرێ

نیشتمان محەممەد ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستانە و یەکێکە لەو سەدان دایکەی کە بە هۆی ئۆتیزمی منداڵیان ڕووبەڕووی دەیان کێشە و ئاریشە دەبنەوە. نیشتمان دەڵێت «منداڵەکانی ئۆتیزم لەبواری دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتی زۆر مەغدوور و بێبەشن، تەمەنیان بەرەو گەورەبوون، دەڕوات بێئەوەی بتوانین هیچیان بۆ بکەین، منداڵی ئۆتیزم پێویستە لە تەمەنی سێ ساڵییەوە کاری لەسەر بکرێ، کچەکەی من تەمەنی ١٢ ساڵە، ١٢ ساڵە لە ژوورەوەیە، هیچ هەوڵێك بۆ باشتربوونی لەلایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان نەدراوە، ئەوەش گرفتێکی گەورەی خێزانەکانەو نەك تەنیا دایك و باوك بەڵکو کاریگەری خراپی لەسەر خوشك و براکانیشی دروستکردووە. لەڕاستیدا گرفتەکانمان هەژمار ناکرێ و ئەگەر پشتگیریمان نەبێت، ناتوانین بەتەنیا ئەو بارە قورسە هەڵبگرین، ئەوکاتانەی لەکۆمەڵەکەمان لەگەڵ دایك و باوکان کۆدەبینەوە و قسەیان بۆدەکەین، دایك و باوکەکان بەچاو پێمان دەڵێن منداڵەکەی من پێویستی بەئەوەندە نییە، بەڵکو پێویستی بەزیاترە، منداڵی ئۆتیزم بە دەرمان چارەسەر ناکرێ، چارەسەری ئەو ڕاهێنانە، ڕاهێنانیش شارەزایی و پسپۆڕی خۆی پێویستە، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی خۆمان ئەو کەسانەی ڕاهێنان ئەنجامدەدەن، کەسانی بەتوانا و شارەزا و پسپۆڕ نین، ئەرکی سەنتەر ئەوە نییە منداڵەکان لە ژوورێك بکات و بیانخەوێنێ، بەڵکو پێویستە ڕاهێنانیان پێ بکرێ، ئێمەی دایکان توانای ئەوەمان هەیە کە منداڵی خۆمان بخەوێنین، منداڵ هەیە تائێستا ناتوانێ نان بەدەستی خۆی بخوات.

## منداڵی ئۆتیزم هەتا مردن نابێ لە ڕاهێنان داببڕێ

فەرەیدون بێوار، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ساڵی ٢٠٠٩ لەهەولێر بەهاوکاری ڕێکخراوی قەندیل و لەسلێمانی بەهاوکاری ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان دوو سەنتەری ئۆتیزم کراونەتەوە، کە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتین، بەڵام سەنتەرەکان وەك پێویست نین. هەم وەك بینایە بچووکەو گونجاو نییە کە بەهەر دووسەنتەرەکە نزیکەی ٤٠ منداڵ لەخۆدەگرن، هەروەها ستافیان کەمە، لەگەڵ ئەمانەشدا ستافەکە پسپۆڕ و ڕاهێنراو نین، هەروەها وانەبێژ و مامۆستای پێویستیان نییە، وەك: مامۆستای نوتق و ڕەفتار و میوزیك و وێنەکێشان و وەرزش و ..هتد، ڕۆژانە نزیکەی ٣ کاتژمێر دەوام هەیە، بەپێی ستانداری جیهانی دەبێ ڕۆژانە ٧بۆ٨ کاتژمێر ڕاهێنان بە منداڵی ئۆتیزم بکرێ، سەرەڕای ئەمانەش هاوینان ٣مانگ پشووە، لەکاتێکدا منداڵی ئۆتیزم هەتا مردن نابێ لە ڕاهێنان داببڕێ، ئەم سەنتەرانە لە تەمەنی ٥بۆ١٣ساڵی منداڵ وەردەگرن، واتە هەرزەکار و گەنجە ئۆتستیکەکان بێبەشن لە ڕاهێنان و مەشق، کە گەورەترین کێشەی خێزانەکانە، چونکە هەتا منداڵەکە گەورەتربێ لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا کێشەکەی گەورەتر دەبێت و کۆنترۆڵکردنی سەختتر دەبێت».

## گەر ڕاهێنانی زانستی هەبێت منداڵانی ئۆتیزم بەهرەیان هەیە


بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە دوو یان سێ لەجۆرەکانی ئۆتیزم، ئەگەر زوو بایەخیان پێبدرێت و پێشوەختە لەسەنتەرەکان مەشق و ڕاهێنانیان پێبکرێت، دەتوانن بچنە بەرخوێندن و بخوێنن و بەهرەی باشیان هەیە لەبواری وێنەکێشان و بیرکاری و میوزیك و ئای تی. هەروەها گوتی« بەداخەوە لەکوردستاندا هیچ پەیمانگەیەکی فێرکردن و پەروەردە تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم نییە. بەشێوەیەکی گشتی منداڵان ئۆتیزم ناتوانن لەگەڵ منداڵی ئاسایی تێکەڵ بکرێن و بەهەمان مەنهەج و سیستمی تاقیکردنەوە بخوێنن، چونکە منداڵی تووشبووی ئۆتیزم، ئاستی گەشەکردنی مێشکی ئاسایی نییەو دواکەتووە، هەروەها گرفتی ئاخاوتنیان هەیە، تەنانەت منداڵی ئۆتستیك جۆرێك لەحاڵەتەکانی پەرکەم و فێگرتن و بیرکۆڵی و زمان لاڵ بوون و شیزۆ فرینیای لەگەڵدایە. ئەو چەند منداڵەشی کە لەقوتابخانە وەرگیراون، مامۆستای پەروەردەی تایبەت (معلیم تربیە خاصە)یان نییە، یان ئەگەر هەشبێ تەنیا بۆ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتییە و لەقۆناغەکانی تر مامۆستای وانەی تایبەت بوونی نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە قوتابخانەکان مامۆستای تایبەت و ئامرازەکانی تر دەستەبەر نەکراون، هەر چەندە بەپێی یاسا دەبا هەبان، بەڵام وەك پێویست نییە».

## یەك منداڵی ئۆتیزم بۆ پشکنین و دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکەی ڕەوانەی دەرەوە نەکراوە، دەساڵ زیاترە ئەم قسانە بڵاو دەکەینەوە و سوودی نەبووە

فەرەیدون بێوار، لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە «منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم سەرەڕای حاڵەتەکەی خۆیان، چەندین کێشەی تەندروستیان هەیە، بەردەوام کێشەی ددان ئێشەیان هەیە، چونکە زۆربەیان ددانی شیرییان ناکەوێ، مەگەر بە نەشتەرگەری لاببرێت، هەروەها بەهۆی جۆری خواردن و باش هەزمنەکردنی بەردەوام کێشەی گەدەو کۆڵۆنیان هەیە، هەندێکشیان کێشەی گوێ و چاو و و دڵیان تووش دەبێت.

کارگێڕێکی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان:

**ئەو کەسانەی ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم ئەنجامدەدەن، کەسانی بەتوانا و شارەزا و پسپۆڕ نین**



دایکێک:

**داواکارم سەنتەرێکی مۆدێرنی ئۆتیزم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی فێریان بکەن خزمەتی خۆیان بکەن، نەک دوای مردنی ئێمە بکەونە سەرشەقام و کەسانی نەفسنزم تەعدایان لێ بکەن**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان:

**بەپێی ستانداری جیهانی دەبێ ڕۆژانە ٧ بۆ ٨ کاتژمێر ڕاهێنان بە منداڵی ئۆتیزم بکرێ کەچی لای ئێمە ڕۆژانە نزیکەی ٣ کاتژمێر دەوام هەیە**